### ئەو ساتانای ناسرێنەوە

# بەرەو چیا، بەرەو شۆڕش

## (٢)

دەمەو نیوەڕۆ گەیشـــتینە بەردەم مزگەوتەکەی ماوەت،لە ئێوارەوە بەبێ سرەوتن بارانی بەرێژنە خوڕ خوڕ باریبوو، دار و بەرد و هەموو شتێکی شتبوویەوە، بۆیە هەر کەخۆر دەرکەوت، ئیـــدی دەتگووت مـــاوەت ئاوێنە و بلوور بەندە و بریســـك و هووڕی بوو چاوی بە شەوارە دەخست.

ملمان بۆ سەرەوەنا، ڕێگایەکی سەرەو لێژی تاشەبەرد ڕێژی ناقۆڵا و قۆقزبوو.

ســـەرنجم لەگەنجێ دا،دانەویـــەوەو پاکەتێکی هەڵگرتەوەو بەشەڕواڵەکەی سڕییەوە، تومەس وێنەی خانمێکی گۆشتنی ســپی و ســۆڵێ ی بەمایۆوی لەســـەر بوو، نایە تەنکەی باخەڵییەوە. برادەرێکم سیخورمەیەکی لەقەپرغەم داو گووتی: ئەوە دینار بوو هەڵیگرتەوە و لەباخەڵی نا؟

: پارەی چی! ئەوە وێنەی دیعایە و موعایەی شـــتێك بوو. وێنەی شـــەکرە ژنێکی سمت و کەفەڵ پان و پۆڕێکی لەسەر بوو.

: ئێ باشە ئەوەی ئەهێنا وا بەپەرۆشەوە قۆزتییەوە؟

: بەڵێ.چونکە دڵنیایـــە هەتا ئەم بارە وابڕوا نایبینێتەوە، ئیتر زاخاوی چاوەکانی ئەداتەوە.

لەم دەمەتەقێیەدا بووین،زرمە هەستاو بووە: ئەڵڵا ئەڵڵا کاك دکتۆر شکور سەلامەتی...خۆهیچ شوێنێکی نەشکاوە.

: ئاخر ئەفەنی
ســـەر ڕووتی
وەك ئەو دکتۆرە
نەگبەتە و سواریی
ئێسترێکی چەمووش
کوجا مەرحەبا.

: نەخەتـــای دکتۆرە و نەئێستری بەستەزمان،چی بـــکات سەرســـمی داوەو بەربۆتەوە.

: قەیچێکە تاســـوار نەگلێ نابێ بەسوار.

: نەگبەتی وا ئیشـــی چییە بەسوار چاکی؟

نەنیازی گۆ و گۆچان و جرید بازیەتی و خۆ ناشیەوێ بەکۆڵێ عیلمەوە ببێ بەقەتارچی؟

بەسێ چوار دکتۆر،دکتۆری گلاوی سەرشکاویان بەرزکردەوە و لەقەراغ حەوزی مزگەوتەکە خوێنەکەی لاسەریان بۆسڕیەوەو قوڕ و پیســـی جلەکانیان بۆخاوێـــن کردەوە.پاش کورتە وچانێك برادەرەکانم ووتیـــان بابچین بزانین نانێـــك بخۆین، وتم: بەخوا بـــەر لەنان خواردن با بزانم جووتێ پێـــڵاو ناکڕم،خۆ ئەو پێڵاوە لاستیقانە ڕۆحی دەرهێنام،لەگەڵ چوار بست هەنگاودا هەشت بلّق ئەکاتە قاچم.

هەر کە چووینە ناو بازاڕە گچکەکەی هەر دەتگووت یانەی یەکتر ناسینە و ئەوەی دەساڵ سۆراغم دەکرد دیمەوە.

لەو گەرمـــەی سەروســـۆراغەدا بووین،برادەرێـــك لەدوورەوە بانگـــی کردم،ووتی:ئەوە کاکە لـــەدوورەوە تۆی بەدی کردووە، ئەڵێ بابفەرموون، ماڵی ئاوابێ، سەرمان کرد بەژوورێکی گەرم و گـــوڕا و خـــوان ڕاخرا و نانێکی خۆشـــمان خوارد.قبووڵی و فاسۆلیای ووشك و نانی تیری پڕ لەڕەشکە و شمڵی.

ئەو ئێوارەیەمان لەماڵەکـــەی کاك (ئەنوەر ئابلاخی)لەگەڵ برادەراندا بەقسەی خۆش بەسەر برد،بەتایبەت مامۆستا(سمکۆ عەزیز)ی هونەرمەند،ئەوەی ئەیکرد و ئەیگووت هەر دەتگووت مەشقێکی دوور و درێژی لەسەر کردووە،چەندەها جار (هۆرەی جافییەکـــەی) ووتەوەدەرکەوت وشـــەکانی دەســـتکردی خۆی بووە،چونکە ئەوەی ئەیووت بۆجاری دووەم نەیئەووتەوە، بەیانی زوو زرمەیەکی گەورە هەموومانی ڕاچڵەکاند، تومەس تۆپێکی دژە ئاســـمانیان تاقـــی دەکردەوە، ناچار بەپەلە نان و ماســـتی بەیانیمان خوارد و کەوتینەڕێ، ژمارەمان پتر بووبوو، مامۆستا (شێخ تالیب بەرزنجی)یش یەکێك بوو لەو برایانە.

لەهەر قۆناغێکماندا کۆمەڵە سەربووردەیەك دەبوو، یەکێك لەو سەربووردانە لەگوندی (وڵاخلو)بوو، لەڕێگا قووڕ و چڵپاومان نەبواردوو،لەکـــەم شـــارەزاییمانەوە بیرمان لەتێشـــووی ڕێگا و ڕێبوارییە ســـەختەکەمان نەکردبوویەوە،کاتێ گەیشتینە چەقی ئاواییەکە کەسانێك لەبەر بەرۆشکەیەك خۆیان دابووە بەر هەتاو و چەند گەنجێکیش زۆر بەجۆش و خرۆشەوە موشێنمان ئەکرد،واتە هەڵماتێن،خۆشیان پێیان ئەووت(کەلا کەلاێن) دوو لەبرادەرەکانمان لەگەڵیاندا دەستیان پێکرد،دیارە لەسەر پارە بوو، نەخێر هێندەی نەبرد ئەوانیان مایەپووچ کردوو ئەوســـا هەســـتانەوە،زرینگەی گیرفانەکانیان ئەهات،تکام لێکردن: ئەوانە هەژارن،گوناهە، ئەو بـــڕە پارەیەیان بۆ بگێڕنەوە، ئەوە بۆ ئێوە هیچ ناکات، بەڵام بۆ ئەوان زۆرە.

نەخێر هیچ گوێیان بەتکا و تکاکارییەکەم نەدا و قاقا لەدوای





# ئەحمەد سالار

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

قاقا لێیان ئەدا، پاشان وتیان بابڕۆین، کەوتنە پرسیار لەو دەستە کوڕ و کاڵەی کەمووشێنەکەیان لەگەڵ کردبوون

: ئەرێ کوڕینە بۆ فلانە گوند زۆری ماوە؟

هەمووان وەك کۆرس: ئا ئەوەتا لەو پشت هەورازە، هێندە دوور نییە، ئاوا نیو سەعات ئەبێ یان نابێ.

کورد واتەنی چەناگەیان لەسەر دانا.

هەر ڕۆیشتین و هەوراز و نشـــێو و چیامان بەقەدبڕی بڕی و ئاوی پێمان داهات و نەگەیشـــتین، نیو سەعاتەکەیان بووە دە نیوسەعاتی و پەیتا پەیتاش ماموستا(شێخ تالیب بەرزنجی) یادی بەخێر، بۆڵەبۆڵی لێ ئەهات و ئەی وت:

ئەمە ئەوەیە (ڕیشـــت مەدەرە دەســـت هـــەرزەکار)، ئاخر ئەم هەڵماتێنەتان لەچی بوو؟! باشە تۆ بۆ هێشتت؟

:یاشێخ گیان کول و کاس بووم لەگەڵیان سوودی نەبوو، ئەرێ من لەبرسانا هێزم لێ بڕاوە ئەی تۆ ماموستا؟

: ئۆتۆمبێلی بەبێ بەنزین ئەڕوات؟

: کەواتە لەبۆش لێدەخوڕی؟

لەبرســـانا هەر باس باسی خواردن بوو، گەیشـــتینە ڕادەیەك لەهەرچییەکم ئەڕوانی، تەنانەت لەبەر پێی هەنگاوەکانیشم هەر کولێرەی گەرمم ئەبینی، گەیشتینە قەد چیایەك بەفری تواوە جۆگەلەی هەڵبەســـتبوو، گەیشتین بەدوو گەنج یەکێکیان زۆر بەگەرم گوڕی و ڕێزەوە چاك و چۆنی لێکردم: ماموســـتا من برای (دکتۆر تەیب ی شێخ ئەحمەدم)، برسیت نییە؟ باسووقی چاکم لەگیرفان ناوە؟

: چۆن برسیم نییە،وەڵا قۆڕەی سکم دێ.

: جارێ ئەو باســـووقە بخەرە دەمت و فەرموو بگرە بۆخۆت و برادەرەکانیشت.

باســـووق بووژانینیەوە و ئاهمـــان پیاداهاتەوە و پەیتا پەیتاش قومێ بەفـــراوان ئەخـــواردەوە، هێندەی نەبـــرد ئاواییەکەمان لەدوورەوە لێ دەرکەوت، ئەوســـا زانیمان نەك هەربۆ دوورییەکە ڕاســـتیان لەگەڵ نەکردووین، بەڵکو بەهەڵە بەڕێگایان بردووین لەلای پشتەوە بۆ مەبەستەکەمان چووین.

لەدووکەڵکێشـــی ماڵەکانـــەوە دووکەڵی زۆپـــاکان لەتاریکی ئێوارەکە دەئاڵان و بەرە بەرە دەبوون بەیەك، بۆنی ســـووتانی دار بەڕوو تێکەڵی شێی کەژەکە دەبوو.

سڵاومان کرد: خاڵەگیان ئەم گوندە چی پێ ئەڵێن؟

: ئەمە گۆمەزەڵە. ئەوە ماڵی مەنســـوولە، (واتە بەرپرســـی پارتی لـــە ئاواییەکەدا)بچن با داتانمەزرێنێ (واتە ماڵێکتان بۆ دیـــاری بکات).پیاوێکی گورج و گۆڵ بوو گوڕەی داوێنی دەهات، پێشمان کەوت و داینیە دەست ماڵێك.

خانەخوێیەکەمـــان ژن و مێردێکـــی جووتیـــاری هەژار و ڕوتەڵە و تەواو زەحمەتکێش، بەڵام نەفس بەرز شای بەسەپان ڕانەئەگرت.

بەدڵ هەستت دەکرد ئەو گوند نشینە جوتیارانە پشت و پەنا و کۆڵەکەی شۆڕشی ئەیلوول بوون.هەر بۆیە ڕژێمی (بەعس) بۆ لەناوبردنی شـــۆڕش بیری لە نەهێشتنی جوتیاران کردەوە، هەرچۆن کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بوو، ویستی ئەو بونیادە سەرەکییە لەبنەڕەتەوە هەڵکێشێ، دەیزانی پەیوەســـت بوونی جووتیار پەیوەســـت بوونە بەخاك و نەتەوە و سەرجەم پایە میراتییە پیرۆزەکان.

دەمێك بوو برســـیمان بوو، دەشمانزانی سبەینێ ڕێگایەکی دوور و ســـەختمان لەبەرە، بڕیارمان دا (بەشەرمەوە): کاکەبرا گیان، ئەگەر داوایەکمان هەیە بیکەین نیگەران نابی؟

: بەسەر چاو فەرموون؟

: پارەت دەدەینێ کەڵەشێرێکی جوانمان بۆ بکڕی و بۆشمان بکولێنن، بەڵام بەو مەرجەی لەگەڵمان بخۆن.

: بەسەرچاو، نۆشی گیانتان بێت، بەڵام ئێمە ناخۆین.

: دەکەواتە هیچ.

: باشە، بەسەرچاو.

بۆیان کردین بەڵام ئێوە چەند دەمتان بۆی بردووە، ئەوانیش هەروەها.

چونکە کەنەفت بووین هـــەر بەقنگەوە خەومان لێکەوتبوو، لاڵ و پاڵ لێی خەوتین، قوتیلەیەك لەهەیوانەکە ترپەترپی بوو دەسووتا، زۆپاکەش ترووسکاییەکی ئەدا لەوبەرەوە.

درەنگ وەختانێ دەستێ بۆ سەرووگوێلاکم هات.

: کاکە مستەفا، بۆ ناخەوی؟

بـــووە حەپە حـــەپ، توومەس ســـەگی ماڵەکەیـــە، زانیم ژن و مێـــردو منداڵەکەیـــان و ئێمە و ســـەگەکەیان بەیەکەوە خەوتووین؟

هێشتا ئاسمان ســـەر سینەی نەترازاندبوو، شێرە ژن هەستاو دەســـتی دایە تەورێك و کەوتە دار شـــکاندن و هەویر شێلاندن و ئاگرکردنەوە.

برژاوی سەر سێل پیاوی حەیران ئەکرد و پاش نانی بەیانی ناوی خوامان لێهێنا و لەگەڵ برادەرەکانماندا یەکمان گرتەوە و بەرەو مەرگە کەوتینەڕێ.



# هونەرمەندان پشتگیریی خۆیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان دووپات دەکەنەوە

هونەرمەندانیش وەك هەموو چین و توێژەکانی دیکەی گەلی کورد، چ بە گۆرانی و سروود، یان بە چوونە پاڵ پێشمەرگە و هەڵگرتنی چەکی شەرەف و کوردایەتی هەمیشە پشتگیری و پاڵپشتیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕیوە.

لەو هێرشە دوژمنکارییە ناڕەوایەی کە ئێستا لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانەوە دژی کوردستان و دەستکەوتەکانی بەردەوامە، هونەرمەندانیش هەڵوێستیان هەبوو، لێرە راو بۆچوون و پەیامی ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان دەخەینەڕوو.







**نزار سەلامی:** پێشمەرگە هەمیشە چقڵ بوون بۆ چاوی دوژمنان، سەری ڕێز و نەوازش بۆ گشت پێشمەرگەکانی کوردستان دادەنوێنم، چونکە هەموو کاتێك بوونەتە دڕکێك بۆ دوژمنان، منیش هەموو کات شانازیی بەوە دەکەم کە کوردم و ئامادەم خۆم بکەمە قوربانی ئەم خاکە پیرۆزەی تێیدا دەژیم، ئامادەشم بە هەموو شێوەیەك شان بە شانی ئەوان لە خزمەت کردن و بەرگری کردن لە خاکەکەم ببمە قوربانی یەك بە یەکی وڵاتپارێزانی کوردستان، ئینجا وەك هونەرمەند چی لە تواناماندا بێت دەیکەم. لە ئێستاشدا هەوڵمداوە وەك نزار سەلامی چەند کارێکی هونەری بە ئەنجام بگەیەنم بۆ پشتگیری کردن لە پێشمەرگە قارەمانەکانمان وەك پشتگیری کردنێك لەو برایانەی کە ئێستا لە بەرەکانی جەنگدان، لەو کارانەش کە ئەنجامم داون، دروستکردنی چەند کلیپێك بووە لەسەر ئەرکی خۆم، هەروەها بۆ پشتیوانی کردن لە هەر کارێکی پێویست منیش وەك هەموو پێشمەرگەکان دەچمە بەرەکانی جەنگ و ئەوەش بە ئەرکێکی خۆمی دەزانم بەرامبەر بە خاکی پیرۆزی کوردستان.



**هەژار دهۆکی**، پێشمەرگە نەبووە بەهرا هەمی نەتەوان لبەرهندێ ئەم شانازیێ پێوە دەکەین، سلاڤەکا گەرم و شۆڕشگێڕانە بو هەمی پێشمەرگێن خوراگرێن کوردستانێ، سلاڤ ل گیانێ پاکێ هەمی شەهیدێن کوردستانێ، جوانترین سلاڤا ئاشتی و ئازادی و سەرکەفتنێ ل وە بیت ئەی پێشمەرگێن قەهرەمان، هەبوونا وە و بەرخودانا د سەنگەران واتە هەبوون و ژیانا مە هەمی کوردایە، هەبوونا وە ئەی پێشمەرگێن قەهرەمان نیشانا کورد و کوردستانێیە. ئەم زێدەتر لە پێنجی سالانە دژی ڤان درندەیێن هوف بەرخودانێ دکەین، ئەڤ دوژمنێ هوێی هوف و خوینخار هەردەمەکێ ب ناڤەکێ هەبویە هێرش کریە، لێ ب وان ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکرنا وان کری دیسان نەشیان ئارمانج و ئێك بوونا مە تێك بدەن. ئەی پێشمەرگێن قەهرەمان ئەڤە چ جارا نەشێن ئاخا پیروزا کوردستانێ داگیر بکەن هندی پێشمەرگە هەبیت، پێشمەرگە ناڤەکێ پیروزە و ئەڤ ناڤە نەبوویە بەهرا چ کلتورو و چ ئایینا، ئەڤ ناڤە بەس ل تە پیرۆز بیت ئەی کوردێ قەهرەمان لەورا دبێژم هەر بژی پێشمەرگە هەر بژی کورد و کوردستان.





**دەلال زاخۆیی:** کوردستان واتە پێشمەرگە، پێشمەرگەش واتە کوردستان، هەمیشە خۆم بە پێشمەرگە زانیوە و پێشمەرگایەتیشم بە کارێکی پیرۆز زانیوە، چونکە لە مێژووی دوورو درێژی نەتەوەی کورددا هەردەم پێشمەرگە رەمزی خەبات و گیانفیدایی و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان بووە لە چنگ داگیرکەران، دوژمنان بە درێژایی مێژوو هەمیشە سەرشۆڕ بوون لە بەرامبەر هێز و ورە و قارەمانیەتیی پێشمەرگەکانی کوردستان و بە بەرگریکاری خاکی پیرۆزی کوردستانیان زانیوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە سەری رێز و تەقدیر دابنوێنین بۆ پێشمەرگەکانمان و هەرچییەکمان لە دەست بێت بیکەین بۆ پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە واتە کوردستان وکوردستانیش واتە پێشمەرگە و هیچ کاتێك کوردستان و پێشمەرگە لە یەکتر دانابڕێن. سڵاو لەو پێشمەرگانەی ئەمڕۆ لە سەنگەرەکانی بەرگریدان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان لە دوژمنانی گەلەکەمان و تیرۆریستان.

**مهاباد ئیبراهیم:** پێشمەرگە زامنی پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستانە، هەر کە منداڵ بووین لە دایك و باوکمان دەبیست پێشمەرگە قارەمان و شۆڕشگێڕ و پارێزەری خاکی کوردستان و تۆقێنەری دوژمن و ناحەزانە و وێنەی پێشمەرگە وەك قارەمانێك لە هزر و بیرمان نەخشێنرا بوو، ئەو وێنەیەش رۆژ بە رۆژ چەکەرەی کرد، کاتیکێش بینیمان کەسوکارمان هەموویان پێشمەرگەن و هەمیشە گیان لەسەر دەستن بۆ پاراستنی خاکی کوردستان ئەم راستیەمان بە تەواوی بۆ دەردەکەوت کە تەنیا پێشمەرگەیە زامنی پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستانە، لە چەندین قۆناغی مێژوویی و سەختی گەلەکەمان و لە رووبەڕووبوونەوەی چەندین پیلانی دوژمنکارانەی ناحەز و دوژمنانی کوردستان، تەنیا پێشمەرگە بووە کە پیلانەکانی شکست پێ هێناوە و گەورەیی و نەمری ئەو نەتەوەی نیشانی دوژمنان داوە کە تا پێشمەرگە مابێت ،کورد و کوردستان هەر دەمێنن و دوژمنان ناتوانن دەست بۆ بستێکی خاکی پیرۆزی کوردستان درێژ بکەنەوە و تەنانەت بیریش لەمە بکەنەوە.

لەم قۆناغەی ئێستاشدا کە گەلەکەمان رووبەڕووی دوژمنێکی دژە مرۆڤایەتی و هەموو ئایین و بەهایەك بووەتەوە، دڵنیام و پشت ئەستوورم بەوەی کە پێشمەرگە قارەمانەکانمان سەرکەوتنی گەورە بە دەست دەهێنن و ئەم پیلانەی دوژمنانیش وەك ئەوانی پێشتر شکست پێ دەهێنن و میللەتی کورد هەر بە سەربەرزی دەمێنێتەوە.





**سەعدون یونس:** هەر پێشمەرگەیە ئێمە دەپارێزێت لە دوژمن و تیرۆریستان، مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد هەمیشە بەستراوەتەوە بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە، هەر کە ناوی کورد و خەبات و شۆڕش باس بکرێت دەبێ پێشمەرگەش باس بکرێت، چونکە لە هەموو شۆڕشەکانی کورد پێشمەرگە بووە چەکی خەبات و شەرەفی کردۆتە سەر شان و گیانی خۆی لەسەر سەر دەست داناوە بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان، هەمیشە پێشمەرگە بووە کە ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە دڵی دوژمنان و خۆشی و شادی بۆ کورد و نەوەکانی هێناوە و مایەی ئیلهام بەخشی کورد بووە، ئێمە هەمیشە بە پێشمەرگەوە خۆمان بە هێز زانیوە و بوونی خۆمان بە بوونی پێشمەرگەوە بینیوە.

تیرۆریستانی داعش و دوژمنان دوژمنی مرۆڤایەتین چاویان بە هەبوونی مرۆڤەکان هەڵنایە، لەبەر ئەوەی ئێمەش میللەتێکین ژیانمان خۆشدەوێ و مرۆڤایەتی هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە کۆ دەکاتەوە ودەمانەوێ بە خۆشی و برایەتی پێکەوە لە کوردستان بژین دوور لە هەموو نەعرەیەکی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، بۆیە تیرۆرستان بە هەموو شێوەیەك بیر لە تێکدانی ئەم خۆشەویستی و برایەتییە دەکەنەوە کە لە کوردستان بەرقەرارە، بەڵام میللەتێك کە خاوەنی پێشمەرگە بێت، هیچ کاتێك سڵ ناکاتەوە و سەر بۆ هیچ دوژمنێك نانەوێنێت بۆیە دڵنیام ئەم جارەش سەردەکەوین و چۆن بە درێژایی پێشمەرگە کوردستانی پاراستووە ئەم جارەش هەر پێشمەرگەیە کە کوردستان لە دوژمنان و تیرۆریستان دەپارێزێت.



**رۆژان فەیزی:** بە یەکگرتوویی دەگەین بە ئامانجە پیرۆزەکانمان، کاتێك لە ئەمریکا هەواڵی ئەم هێرشە توند و بێ بەزەییەی تیرۆریستانمان بیست بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان لە دڵەوە نیگەران و خەمبار بووین، دیمەنی قەتلوعام و کوشتنی برا ئێزیدییەکان و کۆڕەویان و دەربەدەر بوونیان لە چیای شنگاڵ خەم و ئازارەکانی ئێمەی دوو هێندە زیاد کرد، چونکە دوژمنان هیچ کاتێك چاویان بەوە هەڵنایە کە کورد لە وڵاتی خۆی بە ئارامی بژیت و هەوڵی پێشخستن و پێشکەوتنی وڵاتەکەی بدات و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ئەم وڵاتە برایانە و بە بێ جیاوازی پێکەوە بژین، بۆیە ئێمە دڵنیاین ئەم کارەساتەی کە ئەم جارە رووبە ڕووی میللەتەکەمان هاتووە پیلانێکی نێودەوڵەتییە دژی نەتەوەی کورد و ئەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان بەدەستهاتوون. ئەوەی ئێمە دڵخۆش کرد سەرکەوتن بەرگری کردنی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وبەرپەرچدانەوەی هێرشە ناڕەواکەی تیرۆیستان و شکاندنیان بوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە گیان لەسەر دەستە بۆ پاراستنی خاك و میللەتی خۆی، هەروەها ئەم کارەساتە ئەوەی سەلماند کە میللەتی کورد لە هەر شوێنێك و هەر پارچەیەکی کوردستان لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشن و خەم و خۆشییان یەکە و لە کاتی پێویستدا یەکگرتوو و تەبان و دژی دوژمنان دەوەستنەوە، چونکە ئاشکرایە تەنیا بە یەکڕیزی و یەکگرتووی ئامانج و خەونە پیرۆز و رەواکانمان دێنە دی ئەگەر دوژمنان چەند بەهێزیش بن.





**دانیـــا عەلی:** هەمیشـــە بە هەســـتی رۆح لەگەڵ پێشـــمەرگەین، بۆ من کە دوورم لە کوردستان ئەنجامدانی کاری هونەری تایبەت بە ئێســـتا و ئەم بارودۆخە زەحمەتە، کارێك کە باس لە نەبەردی و گەورەیی پێشـــمەرگە بکات، بەڵام زۆر زۆر دڵگرانم بەو بارودۆخەی کە بە سەر ئێزدییەکان و ناوچەی گەرمیان و ناوچەی موسڵدا هاتووە. هەمیشە بە هەســـت بە رۆح لای پێشمەرگە و دڵم لە کوردستانە، نزای خێر بۆ وڵات دەکەم، خوا بیپارێزی لە هەموو ناخۆشـــییەك، لـــە داهاتوودا کاری هونەری تایبەتم دەبێت بۆ وڵات، بەڵام ئەم کارە کاتی پێویستە منیش حەز دەکەم شایەنی گەورەیی وڵات بێت.



**کەمال علی:** سڵاو وریز و خۆشەویستیم بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، پارێزەرانی ئاشتی و ئازادی میللەتە ستەمدیدەکەمان، هیوادارم ئاشتی و ئارامـــی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ کوردســـتانی شـــیرینمان، دوژمنانیش هەمیشە ریسوا و سەرشۆڕ دەبن لە سایەی پێشمەرگە قارەمان و خۆراگرەکانی کوردستان






**د.فازل جاف:** ئەی پێشمەرگە لە جەنگی ئەمجارەدا ئێوە قارەمانی هەموو بەشەریەتن، پێشمەرگەی کوردستان بۆ وڵات و ئازادیی مرۆڤی کوردستانی گیانی خۆی بەخت دەکات، من ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوەیە: کە پێشمەرگە بۆ هەموو گەلی کوردستان تێدەکۆشێت، نەك تەنیا بۆ کورد، ئەم پەیامە بەرزە هەمیشە ئامانج ومەبەستی پێشمەرگە بووە. لە هەموو نەبەردییەکانیدا پێشمەرگە بۆ ئازادی کوردستان و سەربەزری تاکی کوردستانی خۆی بەخت کردووە. بەڵام ئەمجارەیان پایەمەکەی زۆر لەوەش گەورەترە، لەسەر ئاستی کوردستان پێشمەرگە بە کردەوە و بەسەرو بە گیان سەلماندی کە نەك تەنیا بۆ کورد گیان لەسەر دەستە، بگرە بۆ هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستایش. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پەیامی ئەمجارەی پێشمەرگە بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، نەبەردیی پێشمەرگە لە جەنگەدا تەنیا بۆ کورد نییە، تەنیا بۆ کوردستان وعیراقیش نییە، بگرە ئەمجارەیان پێشمەرگە لەم جەنگەدا پەیامێکی مەزنی بۆ جیهان هەیە، ئەمجارەیان پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی هەموو مرۆڤایەتی خۆی بەخت دەکات، لە بەر ئەوە پێشمەرگە جێگەی شانازییە نەك تەنیا کوردستانە، بگرە جێگەی رێز و شانازی هەموو وڵات و هەموو کەسێکە کە ئەمڕۆ دژ بە تیرور و تۆقاندن و کوشتار و زەوتکردن وەستاوەتەوە. ئەی پێشمەرگەی کوردستان پەیامتان ئەمجارە سنووری کوردستانەکەتانی بەزاند بۆ هەموو جیهان .. لە جەنگی ئەمجارەدا ئێوە قارەمانی هەموو بەشەریەتن، رزگارکەری هەموو مرۆڤێکن لە هەر سووچێکی ئەم جیهانەدا بێت. بۆیە نەك تەنیا ئێمەی کورد، بگرە سەرجەمی بەشەریەت سوپاستان دەکات.

سەبارەت بە خەڵکی کوردستان و چۆنییەتی بەهاناوە هاتنی برا ئێزدیەکانمان و پشتیوانی کردن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش دەڵێم: یەکەم قبووڵکردنی جیاوازی و جیاوازیی بیرکردنەوە و را و بۆچوون.پاشان باوەڕی پتەو بە کوردستانیبوون. کوردستانی بوون، واتە وڵاتێك بۆ هەمووان، بۆ تورکمان و ئێزیدی وئاشوری وکلدان، بۆ کۆمەڵگەیەك لە چەشنی باخچەیەکی رەنگین، نەك تەنیا بۆ کورد بگرە بە هەمان شێوە بۆ هەموو کەسێکی غەیرە کورد، کاربکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە ئینتیمای کوردستانی بکەن، ئەوانیش بە چەشنی کورد کوردستانیان خۆش بوێت. ئەمجا هاریکاریکردنی خوشك وبرا ئێزیدییەکانمان بە شێوەیەکی تایبەتی و بە هەموو جۆرێك، تەنانەت ئەوانەی کە رەنجاون و دڵیان لە کورد شکاوە، دەبێت رەخنەو گلەیی وگازاندەکانیان بە سینگێکی فراوان وەربگرین. برینەکانی ئەوانمان پێ کاریگەرتربێت لە برینەکانی خۆمان. دەبا دروشم وکارمان بۆ ئەوەبێت: خەمی ئێوە خەمی ئێمەیە، برینەکانتان برینەکانی جەستەی هەموو کوردستانە.





■ **ئالان عومەر:** پێشمەرگە نەبێ ئێمە نین ، بەداخەوە من ئێستا لەم دۆخەدا لەکوردستان نیم، بۆیە هەرچی بڵێم ڕەنگە وەک قسەی بێکردار هەژمار بکرێت، بەڵام لەدڵەوە دەڵێم هەمیشە ڕۆحم، دڵم لای پێشمەرگەکانی کوردستانە، سوپاسگوزاری قارەمانی و ماندوبونیانم، ئەوان سەلماندیان، کە هەتا ئەمڕۆ ئەگەر پێشمەرگەی کوردستان نەبێ، هێزێک هەیە، عەقڵێک هەیە لەسەر پێیە بۆ پەلاماردانی کوردستان، تموح هەیە بۆ داگیرکردنی کوردستان، بۆ بەتاڵانبردنی سەرومالی کورد، بۆ بردنی شەرەفی کورد، کەوایە ڕووداوەکانی ئەم دوایە دیسان سەلماندییەوە پێشمەرگە پارێزەری نیشتیمان و نەتەوەو شەرەف و ناموسی وڵاتێکە، پێشمەرگە ناسنامەی مانەوەی کوردستانە.

بۆیە وەک تاکێکی کورد خۆم بەقەرزاری پێشمەرگە ئەزانم، هەمیشە دڵم لایانە، هیوای سەرکەوتن و سەلامەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دەخوازم، پێیان دەڵێم ئەگەر دوێنێ وەخت بوو سەرقاڵیی بەژیانەوە لەبیرمان بباتەوە پێشمەرگە نەبێ ئێمە نین، ئەوە هێرشی جەهل لەم دوایەدا و قارەمانی ئێوەی پیشمەرگە پێی وتینەوەو بیری خستینەوە، ئێوە پشت و پەنا و پارێزەرمانن ئێوە ناسنامەمان.

سڵاوم هەیە بۆ خۆڕاگری و قارەمانیەتی و ماندوبونی پێشمەرگە، هیوای زوو چاک بونەوە بۆ بریندارانی پێشمەرگە، هەمیشە سەرم نەوییە لەبەرانبەر خوێنی شەهیدانی پێشمەرگەو بنەماڵە سەربەزەکانیان.

شەنگال برینێکی گەورەی ڕۆحی هەموو کوردێکە، پەڵەیەکی شەرمەزاری گەورەیە بەرووی جیهانەوە ئەوانەی بەناوی پاراستنی یەک پارچەیی عێراق خۆیان دەبوارد لەهاوکاریکردنی پێشمەرگەی کوردستان.

لەم دوورە وڵاتەوە، لەگەڵ گریانی هەر ژنێکی ئاوارەبووی ئێزیدیدا دەگریم، لەگەڵ هاواری هەر منداڵێکیان ڕۆحم پارچە پارچە دەبێت، لەگەڵ خورپەی هەر کچە ڕفێنراوێکی کورددا لەو ناوچەیە دڵە خورپەمە، ئاخر چ ویژدانێک ڕێگا دەدات لەساڵی ٢٠١٤ خەڵک ئەنفال بکرێ؟ کۆمەڵکوژیی بکرێت، جگە لەو سوپا جەهلەی هێرشی هێناوە بۆ سنورەکانی کوردستان.

بەهیوام و بڕوام بەوە هەیە پێشمەرگە تۆڵەی خەڵکی کوردستان لەدوژمنانی ژیان و ئینسان دەکەنەوەو ریسوای بەردەم قۆندەرەی ئاوارە ئێزیدییەکانیان دەکەن.

بەداخەوە بارودۆخ و کارەساتەکانی شەنگال پێی وتین، تاکو ئێستاش دۆستی یەکەمی ئێمە چیاکانی کوردستانن، ڕاستە دۆستی زۆر بەدەممانەوە هاتن و ئێستا هاوکاریمان دەکەن، بەڵام ئەگەر چیای شەنگال نەبوایە پەڵەی شەرمی سەرناوچەوانی جیهان زۆر گەورەتر دەبوو لەوەی کە ئێستا بەرانبەر بەشەنگال بەنێوچاوانیانەوەیە، کارەساتی شەنگال ئەوەندەی تاوانی دوژمنانی کوردە، ئەوەندەش تاوانی ئەو دۆستانەمانە، کە خۆیان دەبوارد لەهاوکاری و پڕچەککردنی پێشمەرگە، ئەو هێزەی کە لەناوچەکەدا تەنها هێزی پارێزەری ئینسانیەتە.

بەهیوام بەهەمووومان بەهەموو کورد هاوکار بین بۆ سڕینەوەی فرمێسکی ئێزیدییەکان، بۆ دڵدانەوەو هاوکاریکردنیان لەسەرکەوتن بەسەر خەم و ئازارەکانیاندا، بەهیوام حزبەکانی کوردستان لەسەر پرسی شەنگال و ئێزیدییەکان حزبایەتی نەکەن و کوردانە لەبەرانبەر ئەو کارەساتە بوەستن.